# بەریتانیا مەیدانێکی تەنگە بۆ
# دەرکەوتنی کۆنەپەرستانی جمهوری ئیسلامی ئیران



رۆژی 2008/2/2 لەسەربانگەوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئیران-حیکمەتیست، کەبۆ بەرگرتن بەهاتنی (محمد جواد زەریف) نوینەری پێشووی جمهوری ئیسلامی ئیران بۆ وولاتی بەریتانیا و سازدانی پانیلیک بۆ گفت و گۆکردن لەگەل نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی بارودۆخی سیاسی ئیستای ئیران و کێشەی چەکی ئەتۆمی‌یەوە لەشاری مانچستر. ریکخستنەکانی هەردوو حزب لەشاری مانچستر توانیان بەدەربرینی نارەزایەتی بەربەم کۆبوونەوەیە بگرن و رییگانەدەن سەرانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیران لەبەردەم رای گشتی خەلکی بەریتانیا خۆ بنوێنێ و سەرەنجامیش ناچارکرا بە جێهێشتنی هۆلەکە و هەڵهاتنی.

لەم حەرەکەتەدا ژمارەیەک لەهاورێیانی حزبمان لە شاری مانچستر کەپیشتر بەپێی نەخشەیەک ئامادەبوون توانیان دیواری بەربەست ببرن و خۆیان بگەیەننە نێو هۆلی پانیلەکەوە ورێگانەدەن بەبەرێوەچوونی پانیلەکە. بەشداری چالاکانەی هاورێیانی حزبی کۆمنیستی کرێکاریی عێراق لەشاری مانچستر و بەووتنەوەی شیعارەکانی وەک" مەرگ بۆ جمهوری ئیسلامی ئیران" ،"ئازادکردنی خێرای خوێندکاران" وهەڵبرینی دەنگی نارەزایەتی بەرووی جمهوری ئیسلامی ئیراندا ریگای لەوەگرت کەئەم هەولەی کۆنەپەرستانی ئیسلامی بۆ جوان نیشاندانی روخساری بۆگەنی مەلاکانی ئیران لەبەردەم رای گشتی خەلکی بەریتانیادا، بەشکست بکیشی و ریگا بەخۆنواندینان نەدرێت. ئەمە لەکاتیکدا بوو کە پانیلەکە بەچەندین پۆلیس و دەزگای نیهینی ئیسکۆرتکرابوو.

سەرەنجام پاش دووکاتژمیر لەمانەوەی هاورێیانی هەردوو حزبی کۆمنیستی کرێکاریی عێراق و حکمەتیست، و دانانی بەربەستی جەسوورانەیان، نوینەرانی جمهوری ئیسلامی ئیران لەبەردەم حزووری دلێرانەی هاورێیاندا شکستیان خوارد و بەسەرشۆڕی‌یەوە لەهۆلەکە هەلهاتن و نەیان توانی مەرامە گلاوەکانیان بەسەر خەلکی ئازادیخوازدا بەرێوەبەرن.

ئەگەر لەناوخۆی ئیراندا جمهوری ئیسلامی ئیران لەریگای مەزهەب و ئیعدام و زیندان وکوشتارو سوپاوپاسدارانیەوە بتوانیت دەسەلاتی رەشو نەگریسی خوی بەسەر سەری خەلکی ئازادی خوازی ئیراندا داسەپینی ئەوا لەدەرەوەی ولات ئیمە کۆمۆنیستە کریکاری‌یەکان بەتەواوی توانامانەوە ریگایان پینادەین و مەیدان لەبەردەمیندا تەنگ رادەگرین..

سەرکەوتوبیت خەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئیران لەپیناو سەرنگونکردنی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی لەئیران.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ریکخراوی بەریتانیا**

2008/2/5